

# کوردەکانی سوریا بەرەو کوێ ؟!



ئێستا یەکێک لە رژێمە مەنبوزەکانی جیهان ، لە  پاش رژێمی ئێران و لەپێش ئێران رژێمی سوریایە...لە لیستی ئیرهاب{تیرۆر}ناوی نووسراوە و بەناوبانگە...لە لیستی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە سەرووی ناوەکانە...ئەو گروپانەی دژی دەوڵەتی ئیسرائیلن وا لە دیمەشق بارەگایان کردۆتەوە و یارمەتی لە سوریا وەردەگرن...کۆنە بەعسی عێراقی و تاوانبار لە سوریا دەسورێنەوە و جارجارەش تێرۆریستان لە سنووری سوریا




ئاودیوی عێراق دەبن ، ئەمانەش نیگەرانیان دروست کردووە و دژی سیاسەتی ئەوروپا و ئەمریکایە و بە گران لەسەر سوریا وەستاوە ...هەرچی لیستی دژی ئەمریکا و ئەورۆپا هەیە سوریە سەرقافڵەیە ئەویش لەبەر بەرێوەبردنی سیاسەتی دیکتاتۆری و توند و تیژی ناوخۆیی... کوردەکانمان لەو بەشەی وولات دەتوانن کاری

چاک ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی داواکارییەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بێننە دی یەکەم کار یەکدەنگی یە...من ناڵێم یەکبوون ، چونکە مرۆڤ ئازاد و سەربەستە بۆ هەڵگرتنی هەر بیروباوەڕێک بەڵام یەکدەنگی لەسەر



داواکاری یە ڕەواکانی میللەت ، دەکرێ ئەمڕۆ بکرێتە پلاتفۆرمەکی گرنگ بۆ ئەوەی هەموو لە دەورەی کۆببنەوە و کاری لەسەر بکەن...ئەو کۆنگرە جیهانیانەی دەگیرێت بۆ ئەوەی سوریا ڕوو ڕەش بکەن و زیاتر تووشی نەرم نیشان دان بێت بۆ جێبەجێ کردنی بەندەکانی یاسای نێودەوڵەتی و پەروباڵ کردنی سیاسی ، دەبێ لەپاڵ باسکردنی مافی مرۆڤ باسی چەوساندنەوە و دابلوسینی نەتەوەی کوردیش بکرێت...ئەو ڕوداوانەی دوازد و



سێزدەی ئاداری  شاری قامیشلۆ و عامودا و چیای کوردان و گەڕەکی زورافا لە دەورەبەری دیمەشق دەبوایە بکرێتە یەکریزی ئەو هێزانە و یەکدەنگیان بۆ ئەوەی ئەمریکا و ئەوروپا و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان بە توندی دژی ئەو سیاسەتە چەپەڵەی ڕژێمی سوریابن کە بەرامبەر کوردەکان بەکار دەهینێ... ئەو یەکدەنگیە دەبێ بێتە دی و واز لە بیری تەسکی حیزبایەتی بهێنن ، جا پێویستە پارتی و یەکێتی  کەپەیوەندییان بەو گروپ و کەسایەتی و کۆمەڵ و خەڵکانی ئەوێ هەیە ، هەوڵەدەن دووبەرەکیان بۆ دروست بکەن دەبێ هەریەکە

**بەجیا یارمەتییان بدەن و وایان لێبکەن پێکەوە کاربکەن هەتا بتوانن لەو کۆنگرە نێودەوڵەتیانە دەنگی کورد یەک ریزی بێت و داواکان بخرێتە سەر مێزی گفتوگۆ ئەگەرنا ئەزموونی کوردستانی عێراق زۆر تاڵ بوو کاتێک هەر یەکە لە حیزبەکان بەجیا داوای مافی رەوای کوردی دەکرد...کوردەکان لە سوریا دەگەنە مافەکانیان ئەگەر یەکدەنگی داوای ئەو مافانەبکەن کە رژێمی بۆگەنی سوریا بە درێژایی مێژوو پێشێلی کردوون.**

فەهد گردەوانی 2006/3/23ستۆکهۆڵم